# ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7–2000

ژمارە (226) یەکشەممە 29-3- 2009


## ڕێبەرێکی سەحوە دەستگیر دەکرێ

بەتۆمەتی ئەوەی کە چەکدارەکانی سەحوە دەستیان لە تیرۆرو تۆقاندنی خەڵکدا هەیە ڕێبەرێکی سەحوە لە نێو شاری بەغداد دەستگیر دەکرێ.

عادل ئەلمەشهەدانی یەکێک لە ڕێبەرانی هێزەکانی سەحوە و جێگرەکەی کە بەغداد پشتیوانی لێدەکات بەتۆمەتی تێوەگلان لە تیرۆر، دوێنێ شەممە لەنێو شاری بەغداد دەستگیر کران.

ئێوارەی دوێنێ تێکهەڵچوونێکی چەکداری لەنێوان چەکدارەکان و هێزەکانی پۆلیس لە گەڕەکی کیفاح و باب ئەلموعەزەمی شاری بەغداد ڕوویدا، لەئاکامدا سێ کەس کوژران و شەش کەسی دیکەش برینداربوون، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە گێڕانەوەی هێمنایەتی بۆ شارەکانی عێراق کارێکی سەختەو پێویستی بە کاتێکی زۆرتر هەیە و پێچەوانەی لێدوانی بەرپرسانی عێراقە.


ل 3 هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوا دەکەوێ!

ل 4 چاودێری دارایی ئەرکێکی هەنووکەیی و نەتەوەییە

ل 5 دەستکەوتەکانی ئێستامان لەنێوان ڕاپەڕین و کۆڕەودا

ل 6 سیتی میۆزیک، پێشکەشە بە مۆزیکژەنی کورد سالار ئازید

ل 7 نامۆبوونی گەنج لە دەستەڵات


# ئەمڕۆ هەڵبژاردنەو جیهانیان لە کوردانی باکور دەڕوانن

ئەمڕۆ یەکشەممە، ڕێکەوتی 29ی ئازار هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی تورکیاو باکوری کوردستان بەڕێوەدەچێ، پارتە کوردیەکان و پارتی دادوگەشەپێدان کێبەرکێی چارەنووس دەکەن، بەوهۆیەشەوە چاوی تێکڕای جیهانیان و میدیاکان لەسەر کوردانی باکور گیرساوەتەوەو ئەو هەڵبژاردنە بە کلیلی یەکلاکردنەوەی کێشەی کوردی باکوری کوردستان لێکدەدەنەوە، هەربۆیە پارتە ڕاستڕەو چەپ و نەتەوەییەکانی تورک هاودەنگ بۆ مسۆگەرکردنی پۆستی شارەوانیەکانی باکوری کوردستان پشتیوانی لە پارتی دادوگەشەپێدانی دەستەڵاتدار دەکەن و پێیانوایە کە تەنیا ئەو پارتە دەتوانێ کێبەرکێ لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک دا بکات و تەرازوی هێز بۆ تورک بگێڕێتەوە.

ڕاپرسیە پێشوەختیەکان ئاماژە بە سەرکەوتنی کوردان دەکەن، هەربۆیەش دەوڵەتی تورک هەموو شیانی خۆی بۆ لاگیری کردن لە پارتی دادو گەشەپێدان تەرخان کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پارتە کوردیەکان لەیەک لیستی هاوبەشدا یەکیان نەگرتۆتەوە شیمانەی بەفیڕۆ چوونی هەزاران دەنگی کوردان دەکرێ، وێڕای ئەوانەشەوە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک تێدەکۆشی کە پۆستی ئەو شارەوانیانە مسۆگەر بکاتەوە کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا لە دەستی دابوون و وەگیر پارتەکەی ئەردۆگان کەوتبوون.

چاودێران زۆر بە وردییەوە لەو هەڵبژاردنە دەڕوانن، وڵاتانی جیهانیش گرەو لەسەر ئاکامەکانی دەکەن، سەرکەوتنەکانیش پێگەی کورد قایمتر دەکات

## ئیسپانیا ڕەمزی کارتال دەستگیر دەکات

ڕۆژی 24ی ئەم مانگە سیاسەتمەداری ناسراوی باکوری کوردستان، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و ئەندامی پێشووتری پەرلەمانی تورکیا لەلایەن پۆلیسی ئیسپانیەوە دەستگیر کراو لەژێر چاودێریدا ڕاگیرا.

بەمەبەستی پیرۆزباییکردنی جەژنی نەورۆز، ڕەمزی کارتال سەردانی ئیسپانیای کردبوو، بەڵام ڕۆژی 24-3-2009 لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە لە شاری مەدرید دەستگیر کرا.

وەک زانراوە کە ڕەمزی کارتال لە سەر داوای حکومەتی تورکیا دەستگیرکراوە، بڕیاروایە دادگەی ئیسپانیا چارەنووسی یەکلایی بکاتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ڕەمزی کارتال بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی تورکیا داوای دەکات، ساڵی ڕابردووش لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانیاوە دەستگیر کرابوو، دواتر بێ تاوان ناسێندرا و ئازاد کرا.



## موجاهیدین گرژی لەنێوان شیعەو سوننە دروست دەکات

دوای ئەوەی موەفەق روبەیعی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق داوای لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران کرد کە یان بۆ ئێران بگەڕێنەوە یان لە ئۆردوگەی ئەشرەف کە لەنزیک سنووری ئێران دایە دوور بکەونەوەو بچنە بیابانی پارێزگاری ڕومادی، لایەنە سوننیەکان، بەتایبەتیش ساڵح موتلەگ سەرۆکی بەرەی دیالۆگ داخباری خۆی دیارکردو ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران بە ستەملێکراو داناو ڕاشیگەیاند کە چەندین وڵاتانی جیهان ئەو ڕێکخراوەیان لە لیستی تیرۆر دەرهێناوەو دادگەی نێودەوڵەتیش پشتیوانیان لێدەکات، کەچی بەرپرسانی عێراق لەسەر داخوازی ئێران دەیانەوێ ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوە نەهێڵن.

دوای لێدوانەکەی موتلەگ گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان هەردوولا سەری هەڵدا، چونکە شیعەکان دژی مانەوەو سوننەکانیش داوای مانەوەی ئەو ڕێکخراوە لەنێو خاکی عێراق دا دەکەن.

## پارتی چەپی نۆرویژ پشتیوانی لە خواستی کورد دەکات

لەڕۆژەکانی 19تا 22 ی ئەم مانگە لە شاری "بێرگن"ی وڵاتی نۆریژ، هەژدەمین کۆنگرەی پارتی سۆسیالیستی چەپ بەڕێوە چوو، لەو کۆنگرەیەدا باس لە کێشەی کورد کراو پەڕەگرافێک لە بەرنامەی سیاسی پارتەکە زیادکرا، کە تێیدا هاتووە: کوردەکانی عێراق ساڵیانێکە خاوەنی چەشنێک ئۆتۆنۆمی سنووردارن، کە بەتایبەت بووەتە هۆی هاندانی خولیای تورکیا و ئێران، بۆ بەردەوامبوونیان لە پێشێلکردنی مافی یاسایی کوردەکانی نیشەجێی ئەم وڵاتانە لە بوارەکانی مافی کولتوری و مەدەنی. پارتی سۆسیالیستی چەپ پشتگیری لە داخوازی کوردەکان لەمەڕ پارێزگاریکردن لەوان لەهەمبەر ڕاوەدوونانیان لە لایەن ئەو وەڵاتانەوە، دەکات. هەروەها پارتی سۆسیالیستی چەپ داوا لە حکومەتی نۆرویژ دەکات کە گوشار بخاتە سەر ئەو وڵاتانەی کە کوردیان لێ دەژی، بۆ ئەوەی داخوازی مافە مەدەنی و کولتووریەکانی کوردان بەڕەسمی بناسن. بەتایبەت ئەمڕۆ کە تورکیا دەستدرێژی بۆ سەر کوردەکانی تورکیا و باکوری عێراق دەکات نابێت بێدەنگی لێبکرێت'

ئەگەرچی پارتی نۆرویژ وشەی هەرێمی کوردستان یان باشووری کوردستان بەکار نەبردووە، بەڵام دیسانیشەوە هەنگاوێکی ئەرێنیەو دەکرێ وەک سەرەتایێک بۆ بەفەرمی ناسینی دۆزی نیشتمانی کوردستان سوودمەند بێ.




## کوردانی هەندەران لە بەردەم کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا کۆدەبنەوە

ڕۆژی سێشەممە 31ی مانگی 3 بە بەشداری سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزیری دەرەوەی ئامەریکا، بە بەشداری 60 وڵات و سەدان کەناڵی بە ناوبانگی ڕاگەیاندنی جیهانی، گەورەترین کۆنفرانسی نێو نەتەوەیی لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانیەوە لە هۆڵەندا ، سەبارەت بە کێشەی ئەفغانستان دەبەسترێت.

جێگەی ئاماژەیە کە کۆنفرانسەکە لە میوانخانەی بالی شاری لاهای وڵاتی هۆڵەندا و لە تەنیشت بارەگای ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی(OPCW) کە چەند سەت مەترێک لە باڵوێزخانەی عێراقەوە دوورە بەڕێوەدەچێ، لەو کۆنفراسەدا وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا ئامادە دەبن و ڕۆڵیان دەبێ.

لەو پێوەندەدا چاودێری کوردۆساید (**چاک**) بۆ لە قاودانی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بە کورد و بۆ داواکردنی بەستنی کۆنفرانسێکی نێو نەتەوەیی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەی ئاشتیانە، هەروەها بۆ گەیاندنی دەنگی ئەوانەی بڕیاری ئیعدامیان بەسەردا دراوە و چاوەڕوانی مەرگ دەکەن، بانگەوازێکی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا هاتووە: با بە وێنەی قوربانیانەوە بەشداری لەو کۆبونەوەیە بکەن کە ناوەندەکەمان هەمان ڕۆژ لە کاتژمێر 9:30 بۆ 17:00 لەبەردەم ئەو تەلارە بەڕێوەی دەبات کە کۆنفرانسەکەی تێدا ئەنجام دەدرێ.

ناوەندی چاک هیوای خواستوە کە کوردستانیان بە شێوەیەکی بەرفراوان و چالاک بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بکەن.

## ڕۆژەڤ

سەردانی سەرکۆماری تورکیا بۆ بەغدادو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستی پێوەندیەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بەرەو ئاقارێکی نوێ دەبات، هەموولایەکیش چاوەڕوانی دوایین وێستگەی ئەو پەیوەندیانە دەکەن.

دیداری نێوان عەبدوڵڵاو گویل و نێچیرڤان بارزانی دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بە ئەرێنی نرخێندرا، هەرچەندە کە دوای گەڕانەوەی گویل، وردە پاشگەزبوونەوەیەک لە لێدوانەکانی دەبینران، بەڵام دیسانەوە گرەوی زۆر لەسەر ئەو پەیوەندیانە دەکرێ کە لە داهاتوو لە نێوان تورکیا و عێراق، تورکیاو هەرێمی کوردستان خۆیا دەبن.

تورکیا مێژینەیەکی دوورو درێژی لە پەروەندی پێوەند نێودەوڵەتیەکانیدا هەیە، بەڵام هەرێمی کوردستان کەم ئەزموونەو لەدەستپێکی قۆناغێکی نوێ و چارەنووس ساز دایە. بەوهۆیەشەوە دەبێ هۆشیارانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات و بەپارێزەوە هەنگاوی بۆ هەڵبگرێتەوە.

ئەگەر جاران و ئێستاش حکومەتی ئەنکارا پێوەندی لەگەڵ هەندێ لایەن و هێزی سیاسی کوردستانیدا هەبێ، بەڵام پەیڤی کوردو کوردستان بریندااری دەکەن و ناتوانێ بە ئاسانی لەگەڵیاندا بگونجێ، هەربۆیەش بە ترس و گومانێکی زۆرەوە خۆی لە قەرەی دەدات و هەستەوەریەکانی خۆی پێ ناشاردرێتەوە.

بێگومان هەم تورکیاو هەم هەرێمی کوردستان پێویستیان بە پێوەندی هاوبەشی بازرگانی و دۆستانە هەیە، بەڵام دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لە ئاکام و شێوازی ئەو پێوەندیەیە کە تورکیا دەیەوی مسۆگەری بکات. ئێستا پارتی دادو گەشەپیدان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و مێژوویی دایە، بەتایبەتیش کە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنی شارەوانیەکان بەڕێوەدەچێ، سەرانی تورکیا بەر لەو هەڵبژاردنە پێویستیان بەوەبوو کە لەبەرانبەر تێکڕای کورد نەرمی بنوێنن، ئەوان مەبەستیان بوو سەرنج و سۆزی کوردانی باکور بەلای خۆیانەوە ڕابکێشن و وا پێشان بدەن کە دۆستی کوردانن، هاتنی سەرکۆماری تورکیاش لەوسەرو بەندەدا ڕێکخرابوو، دەنا دەکرا دوای هەڵبژاردن ئەو سەردانە بکات.

ئەو ترس و گومانانە لە داهاتوودا ڕێچکەی خۆیان دەگرن و یەکلاییش دەبنەوە، بۆیە پێویستە ئارام و چاوەڕوان بین.